# هەولێر



بێ تۆ کاتێ رێ دەبڕم وێڵم من

بێ تۆ وەك ( وەلی ) ی دوور لە خێڵم من

چیبکەم عاشقی هەولێرم من

*　　*　　*

لە هەرکوێ بم بێ نیشتمانم من

وێڵی تۆم رافزی جیهانم من

هەر چۆن منداڵ لە دایك جیابێتەوە،

وام بۆ تۆ خەریکی گریانم من

ئەگەر دووری دەمێ تۆم لە یاد ببات

شەرمەزاری کۆڕی یارانم من

چیبکەم عاشقی هەولێرم من

*　　*　　*

جارجارێك کە تۆ خەمناك دەبی

گریانی هەوری بەهارانم من

گریەی من بۆ عەشقی هەولێرمە

وەك قەڵا زایەڵەی گریانم من

روو لە کوێ کەم، داد بۆ کوێ بنێرم من

چیبکەم عاشقی هەولێرم من

سەرکەوت رەسول™

هەولێر™

1991™